www.kurdistannet.org
18:59 3-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## دەعوەت نامەیەک بۆ ئەقەلیاتەکانی نێو ماڵی کوردی ... شێرکۆ ئەحمەد

چ جیاوازی یەک هەیەلەنێوان گورگی ماڵەدراو سێ وگورگی خۆماڵی، ؟ پێم وای یە، هێچ لەگورگی دراو سێکان هێندەی گورگی ئێمەبرسی نی یەو پێوستی بەگێژەمەڕی ناو کەوڕگەکان نی یە، وەهەموو وەستاکانی درووست کەری دەرگاو پەنجەرەو قفل و کلیل هێندەی وەستاکانی خۆمان شارەزانین لەو دەرگاو قاپیانەی کەهەمانن، هەڵبەتەبەو واتایەی کەئەوان دروستیان کردووەو بەئارامیش دەتوانن کلیل شکێنەرو کێلونی نوێی بۆ دروست بکەن، یاخود بەئارامترین شێوەدەتوانن هاتو چۆی پێدا بکەن وچارەسەری هەرکێشەیەکی کەهەیەبکەن.،. نەهێڵن کەس مەڕەکانمان بخواو خورێکەی بڕێسێ،

کورد واتەنی گەر دار کرمی لەخۆی بێ.. پێ ویستەئاگاداری دائیرەی زەراعەبکرێ تا بی بڕێ یا دەرمان بکاتەژێری،

وەهەر کەسێکیش شەش پەنجەی بەدەستێکەوەبوو ئەوا کەمایەتی یەو دەڵێن نوقسانەو. ئەوەی چواریشی هەبێ هەرهەمان شێوە، بەڵێ دەبێ دەقاو دەق پێنجی هەبێت دەنا زۆرەیاخوود کەمە.

ئێستا، کۆڵەکەی ئەم تازەماڵەنەشێخ عیسا و نەشێخ مووسا نەدرێژی ئەکەن نەکورت بۆمان، گەر کورتی یەک، هەیەپێ ویستەئەندازەی ماڵەکەمان بجووک نەکەین گەر گەورەشەپێ ویست ناکا حەوشەی کەس بخەینەسەر هۆدەکانمان،

جونکێ ڕاستێکەی بەدرێژای مێژوو ئێمەهەر خاوەن میوانی بەڕێزوو شان و شەپک جوانمان هەبووەوخۆمان هەمیشەلای قاپی و ئەوان هەمیشەلەسەروو داناوە، جا بەزمانی دەوڵەمەندی ئەوان هەمیشەگفت و گۆمان رازان دۆتەوە، دەنا نەخووێن دەوار بووین.

زیاتر هەموو یەک لەئێمەباش دەزانین، دۆمان ترشەو دەستاومان سوێرەو تەلارمان نزم، سەری خۆمان بۆ دێشێنین...

جا ؛ هەر وەک هەموو ماڵەکانی دراوسێ، ئێمەش میوانی زەردوو ڕەش وجیاواز لەڕەنگەکانی خۆمان هەیە.

بەڵام ئەوان بەهاوڵاتی دوو سێ و زیندان ناویان ناوون ئێمەنازانم جیان ناو بنێین، لەکاتێکدا گەر لێمان تورەنەبن.

خۆ هیچ یارمەتی یەک نەبوون.. تەنانەت لەکاتێکدا ڕەش ماڵ بووین بووینەکۆجەر ئەوان ڕازی نەبوون پێمان و بەمیوان ڕایان نەدەگرتین.

سەگ و حەپەی سەگیان لێ دەنایین.

بەخەڵووزی کەوتووی ماڵمان خۆیان گەرم دەکرد.

نا؛ بێگانە نەبوون، جونکێ نەیان دەتوانی جیاواز بن لێمان.

لەو تاعونەی کەکۆن باو بوو ئەوانیش کەمێ بەژدار بوون و کەمێ نائارامیان جەشت

دەمێ لێرەو دەمێ لەوێ، وەک میوان وەک ناویش.

جونکێ فەقیرانەهەمیشەناچار بوون و ناچارن، خۆنابێ لەماڵەکەی خۆشمان گلەییان لێ بکەین ڕاستێکەی عەی بەئەوەعادەتی کوورد نی یەو نەمان دیوە.

ئەی لای ئێمەهەمیشەمیوان خاوەن ماڵ نی یە؟؟

بۆیەناچارین ئەم جارەش بیان کەینەخاوەن ماڵ و ڕێ ی چێشت خانەو سەر ئاوەکەشیان پێ نیشان بدەین و قاپێکەشمان گەر بجووکە، ئەوان بەشان و شەوکەتن پێ ویستەگۆڕانکاریەک لەیاساو بینای ماڵەکەمان دا بکەین... گەر نا... پەنجەی دۆشاو مژەیان لێمان ئەلەرێنن.... **03/10/2006**